
# کۆی سەرکردەیەکی عەسائیبی ئێهلی حەق لە بەسرە کوژرا



ئاژانسی "شەفەق نیوز"ـی عێراق باوی کردووەتەوە، بەرەبەیانیی ئەمرۆ یەکشەممە لە ناوەندی شاری بەسرە، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوە، هەرش کراوە و کۆی سەرکردەیەکی گرووپی عەسائیبی ئێهلی حەق کوژرا و پێنجی تریش بریندار بوون، لە کاتێکدا ئاژانسەکە ناوی سەرکردەکەی عەسائیبی نەهێناوە کە کوژراوەکە کۆیەتی.

رووداوەکە لە گەڕەکی گرمە عەلی لە باکووری شاری بەسرە بووە، تا ئێستا نازانرێ چەکدارەکان سەربە چ لایەنێک بوون و گەیان بەدوایاندا بەردەوامە.

دوای رووداوەکە، پۆلیس بەسرە گەمارۆی گەڕەکەکەیان داوە و پشکنین و لێکۆڵینەوە دەستی پێ کردووە.